شیعر

# مردن .. هەر نایات

عومەر سەیدە

من دوعام بۆ تەمەن درێژیی گوڵەکان دەکرد
گوڵەکان بەر لە پایز خۆیان دەکوشت
ئەو کاتەی مردن دەگاتە نزیک ماڵمان
کەسێک نییە ئەدرەسی منی بداتێ ..
گوێم لە بانگ و سەڵای مزگەوتەکانە ئێستا
پێدەچی دوایین سەدا بێت بێتە بەر گوێم ..
باوەشێک مردنم دەوێ
باخچەکانی ژیان خەزانیانە لای من ..
بە دەستی خاڵییەوە مەیەرەوە بۆ لام هاورێ
ماڵەکەم پڕ بووە لە بۆنی گریان ..
مردن دێتە بەرچاوم و ون دەبێت
دەژیم بۆ مردن و مردن ئاوڕێکیشم لێ ناداتەوە ..
هەموو کونجێکی ژیان گەڕام و مردنم دەست ناکەوێ
لەگەڵ هەموو حەسرەتەکان ئاوێتە بووم

مردن هەر نەهات .. هەر نایات
خەون بەو دارەمەیتەوە دەبینم
کە دوایین فارگۆنی بوونمە ..
قەڵەمەکەی دەستم شکاوە هیچم پێ نانووسرێت
تەنها خەجاڵەتی جەللادەکان تۆمار دەکەم ..
گۆرانی مناڵە بێنازەکان دەکەمە سروودی بەرزی مردن
من گۆرانییەکانم خاڵی کردەوە لە ئاواز و
نۆتەی گریانم دەژەنی ..
گریان هیچ نەبوو جگە لە کۆدی مردن ..
من دەمویست شمشاڵی شوانەکانیش بکەمە تفەنگ و
لەگەڵ سەدای گوللەیەکدا بگەڕێمەوە بۆ عەدەم ..
دەمویست ئێواران لای ئێوە نەبم
لە شەقامەکانی خوێن نەبم
لە وڵاتی مردن یاداشتەکانم نەنووسمەوە ..
کەچی عودەکان دەبوونە بۆمب و
لەنێو دڵی ئاهەنگەکاندا دەتەقینەوە ..
چاوم دەبڕییە دەرگای حەوشە و
چاوەڕوانی هاتنی مردن بووم ..
(ئارام) نامەیەکی بۆ ناردم و
نووسیبووی:
"(لە حەسرەتی نەهاتنی مردندا بمرە)
ژیان دەتکوژێت و ئەو مردنە هەر نایات ..
مردن دێت و تۆ لێرە نیت ..
شوێن پێیەکانت لەسەر سنگی حەوشەکەت بسڕەوە
ئێمە خەون بە گۆڕستانێکەوە دەبینین تۆ لەوێ نیت
دوایین وەسیەتت تەواو بکە ..

مردن وا بەدیار ئێوارەیەکی فیردەوسییەوە
خەونەکانی شارت دەژمێرێت" ..
شار هیچ نییە جگە لە وێستگەکانی عەبەس
هیچ نییە جگە لە گەیشتن بە نائومێدی
پیاسەکانمان لە نێو ئەو شەقامانەدا ون دەکەین
کە دوێنێ بەخوێنی هاورێکانمان چاویان سوور دەکرد ..
ژیان هەناسەی تەنگ بووە
کەچی ئەمانەتی رۆح تەسلیم ناکاتەوە ..
نایاتە لای ماڵی ئێمە و
چاوشارکێیەکانی من ببینێ لەگەڵ مردندا ..
ژیان لە مردن دەترسێت و
مردن لە من
منیش لە ژیان ..
دەترسم زوو نەمرم و زوو نەگەمە ویساڵی مردن ..
هەموو رۆژێک نەفرەت لە ژیان دەکەم ..
هەموو ئێوارەیەک بە مەحزوونی و نائومێدییەوە
دەگەرێمەوە نێو ماڵە خامۆشەکەم ..
ئەوەندەم ئاسوودەییە کە لە خەوندایە ..
من سەراپا نوقمی فەشەلم ..
نیوەم هی خۆمە و
تەمەنم هەمووی خەتایە ..
پرم لە خەتا جوانەکانی دونیا
ئەمێستا بۆ مردنێک دەگەرێم لە بێ خەتایی ..
من کە ناتوانم خۆم بم
چۆن چنگ لە مردن گیر بکەم ..
من ئاوێزانی ژیانێکم لە گریان

**له نەوەی نەفرینکراوەکانم ..**
**هیچ نیم جگە لە شاعیرێک**
**کە تەنها رقم لە شیعرەکانمە ..**
**کە منداڵ بووم عیشقم هێندەی ئاسمان گەورە بوو**
**کە منداڵ بووم دەمزانی بگریم ..**
**ئەمێستا نە دەزانم بگریم**
**نە دەزانم پێبکەنم ..**
**گەورەبوون فێری کردم خۆم بدۆڕێنم ..**
**فێری کردم ئیدی من و ژیان هەمیشە دوور بین لە یەک**
**فێری کردم گۆرانییەکانی ژیان**
**لە زاکیرەی مەستی و هۆشیاریمدا بسڕمەوە و**
**لەوسەری یەئسەوە بەدەستی خاڵییەوە**
**شتێک بڵێم لە سروود بچێت ..**
**سروودەکان هەموویان بۆ دۆڕان وتراون ..**
**لە هەر کوێ سروود هەبوو**
**دۆڕان هەیە ..**
**تەمەنێکە و نابڕێتەوە چاوەڕوانی مردن .. هەر نایات**
**هەر زەنگێک دەبیستم**
**وا دەزانم مردن دەگات**
**یان هەواڵەکانی مردن دەگات ..**
**مردن نایات**
**کەچی هەموو رۆژێک**
**رۆژنامەکان پڕ دەبنەوە بە هەواڵەکانی مردن**

ئابی ٢٠٠٧